

# بازنگی سادە دەستی کچان دەڕازێنێتەوە

بەردەوامـــی گرنگیدانی کچــان وخانمان بە ئێکسســـوارەکان، هەنگاوێکی گەورە لە جێگیرکردنی بەها و ڕێســـاکانی جوانکاری دەخاتـــەڕوو، لەوکاتـــەی ئێکسســـوار لە شێوەیەکی دیکەدا دەردەکەوێ و پڕ بە مانای جوانی خۆی دەبێ، دەبێتە ئەنجامی گەیشتن بە لوتکەی جوانی، چونکە هەر ئێکسسوارێك بەهایەکی جوانی لەســـەر جەستە دادەنێ و لە بەرجەستەکردنی نمایشێکدا بە ناسکی دەردەکەوێ، لە پێشوودا باوی ئێکسسواری قەرەباڵغ و بە لق و پۆپەوە بوو، بەڵام لە ئێســـتادا ئەو شـــێوازە گۆڕانکاری بەســـەردا هاتووە و بە شـــێوەی دیکەی جیاواز لە مۆدەی پێشـــوودا دەبێ، شێوازە تازەکانی ئێکسسوار، بە تایبەت بازنگ و ئەڵقە و ئەنگوستیلەی دەست، لە ئامرازی سادەیی و ناسکی خۆیان دەنوێنن، چونکە تاچەند ئێکسسوار سادە و ساکار

## ڕەنگی سوور بۆ کراسی کوردی



ڕەنگ بـــۆ جلوبەرگ زۆر گرنگە بـــە تایبەتی لە هەڵبژاردنێکی شێوازێکی گونجاودا، جلی کوردی بنەما ســـەرەکیی جوانییەکـــەی لـــە ڕەنـــگ و نەخشـــەکەیدایە، لـــە ڕێگەی ڕەنگـــی جلوبەرگـــەوە دەتوانین جوانییەکی ڕەها بەدی بکەین، لەو کاتەی کە کراسی کوردی پابەندە بە چەندەها ســـتایل و نەخش، بـــەڵام ڕەنگیـــش گرنگـــی زیاتـــری لەو دووســـتایلەی پێشـــوودا هەیە و جێگەی و نەشونمای خۆی بەرجەستە دەکات. ئـــەو ڕەنگانەی لە کراسی کوردیدا ڕەنگدانەوەی گـــەورەی لێدەکەوێتـــەوە، ڕەنگەکانی : شـــین – سوور – پەمەیی – مۆر و ســـووری کاڵ و تـــۆخ، زەرد کە بـــە کراس زەردێ دەناســـرێ، ئەمانە و چەندین ڕەنگی دیکەش لەگەڵ جلی کوردی گونجاو دەبن، بە تایبەت لە کاتێکدا شێوازی تازەی جلوبەرگ گرنگییەکی تەواو بە ڕەنگ و نەخش دەدەن، بەڵام ئـــەوەی زیاتر لـــە وەرزی هاوینە بۆ جلوبـــەرگ گرنگە تاوەکـــو جوانییەکەی لەســـەر جەســـتەدا دەربکـــەوێ، ڕەنگی جلەکەیە، چونکە بەهۆی بەهێزی تیشکی خۆر لەو وەرزەدا، یەکێك لەو ڕەنگە جوان و سەرنجڕاکێشـــانەی لەگەڵ جلوبەرگدا شـــیاوە، ڕەنگی ســـوورە، کە لە هێزی ڕەنگەکانیش لە سەرووی گشت ڕەنگانە و تەنانەت لە دوورەوەش دیار دەکەوێ، بۆیـــە ئامادەکردنی جلـــی کوردی لە ڕەنگی سوور، کراســـێکی نایابی لێ دەردەچێ.

بەهاوکاری سۆلاڤ مۆدە- ئەڵمانیا


## ڕەش کردنی چاو

تاوەکـــو چەنـــد خانمان شـــارەزایی و هەنـــگاو بنێن لـــە فێربوونی هەنگاوەکانـــی جوانکاری و ماکیاژدانان، کە ئەوانەش وەك زانیارییەکی بەســـوود و گرنگ بۆ خانمان وایە، چونکە ئەو زانیارییە لە زۆر کاتدا بەســـوود دەبێ و لە نزیکترین هەنگاویشدا شـــێوازی خۆی دەنوێنێ و سوودی لێوەردەگرێت، ماکیاژی چاو، سەرەکیترین هەنگاوی جوانکارییە و تەنانەت لەگەڵ هەر مۆدەیەکدا یان کاتێك بۆ هەر دەرچوون و کارێکدا، دەبێ ماکیاژی چاو بکـــرێ، مەرج نییە ماکیاژێکی تەواو بێ، بەڵکو تەنیا دەکرێ شـــێوازێکی ســـادە یان دانانی کل و ڕەشـــکردنێك بێ، کە ئەوەش هەنگاوێکی گەورە نیشان دەدات لە جوانکاری مۆدەی ماکیاژی چاو، یەکێك لەو هەنگاوە گرنگانەی کە بۆ چاو پێویســـتە و لە گشت کاتێکدا بە هەنگاوێکی ســـادەش ئەنجـــام دەدرێ، ئەویش ڕەش کردنی ژێرەوەی چاوە، واتە سەر برژانگی خوارەوە و سەرەوە، کە ئەوەش زیاتر بە کل ڕەش دەکرێ، زیاتریش لە مۆدەکانی ئێســـتادا کلی تەڕ باوی هەیە،

## جینزی لوولە مۆدەیە


هەرچەندە مۆدەی جلوبەرگ لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە، بەڵام گرنگیی خۆیان لە دەست نادەن و هەر یەکەیان بە شێوازێکی تازە ڕێگەی خۆی دەگرێ و شێوازێکی تازە دەبەخشن لە مۆدەکاندا، جلوبەرگی خانمان لە ژمارەدا زۆرن و هەر یەکەش بۆ شـــوێن و کاتی خۆی دەپۆشرێ و تایبەتمەندی هەیە. دوو جۆری سەرەکی لە جلوبەرگی خانمان هەیە، جلوبەرگی ســـەرەوە کە لە قەمیس و تیشـــێرت و کراس و بۆدی پێکدێ، لەگەڵ جلوبەرگی خوارەوەش ئەوانیش : پانتۆڵ و تەنوورە و جینز و سترێجن، ئەوانەش بۆ هەر کات و مەبەســـتێکی خۆی دەپۆشرێن، بەڵام ئەوەی زیاتر لەلایەن





بـــێ، ئەوەندە بەهای جوانییەکـــەی گەورەتر و ڕازاوەتر دەبێ، بازنگی دەست جگە لەوانەی کە لە زێڕ و زیو و کانزایە، بەڵام لە موروو و پلاستیکدا، هەمان جوانی ئەو ئێکسسوارانەیان هەیە کە لە کانزا دروســـت کراون، ئەو سادەییەی لە بازنگدا هەیە، هەنگاو و شێوازێکی گرنگە بۆ ئەو مەبەستە و سەرنجڕاکێش و ڕازاوەش دەبێ لە دەستی خانمان و کچان.

## ـــــاو بەکل و کلدان



کە هەردەم بە تەڕی لەســـەر چاو دەمێنێتەوە و شێوازی خۆی دەنوێنێ، یان دەتوانین لە ڕێگەی کلی وشك، کە لە شێوەی قەڵەم وایە، کە کل و کلدانی کوردی بەناوبانگ هەیە و ئەمەش شێوازێکی تایبەتی هەیە لە جوانکاری و ڕەش کردنی چاوەکان.

## ـــــەکی پابەرزی جلوبەرگ

خانمان باوی هەیە، بە تایبەت کچۆڵان، کاوبۆی جینز شێوازێکی گرنگە لە جوانـــی مۆدەکانی جلوبەرگ بۆ خانمان، ئەو جلە لە شوێنە گشتییەکان و بۆ دەرەوە دەپۆشرێ، ئەوەی گرنگە شێوازی جینزە، کە چەندین شـــێوەی جیاجیای هەیە، لەوانە+: شارستۆن ئەوەیان مۆدەیەکی کلاسیکە و باوی نەماوە و شێوازی دیکەشی بە لوولە ناسراوە، تەسك و باریکە و لەگەڵ جەستە ڕێکدەکەوێ و جەستە دەگرێ، هەروەها لەسەرەوە تاوەکو خوارەوە بە هەمان پێوانە دەبێ و شێوازێکی ناسك دەگرێتە خۆ، دیمەنێکی ڕازاوەشی دەبێ لەسەر جەستەی خانمان.



## تەسریحەی شێوە کێک بۆ قژی خانمان

هەنگاوەکانـــی قژ بەســـتن، بە چەندین هەنگاو و شـــێوە تێپەڕ دەبن، بە تایبـــەت کاتێك یەکێك بیەوێ مۆدەیەکی جوان بۆ قژی ئامادە بکات، لە مۆدەکانی قژدا، وەك لاســـاییەك هەیە لە چەند کەرەســـتەیەکی جوان و خۆش، وەك : تەســـریحەی پەپوولە – کێك – دارخورما-کلکی ئەســـپ، ئەوانەش هەر یەکە بە مۆدەیەکی گشـــتی ناسراوە بۆ تەســـریحەی قژ، لێرەشدا دەتوانین ئەو جۆرە مۆدانە بەدی بکەین کاتێك خانمان یەکێك لەو ســـتایلانەی پێ جوان دەبێ و لەســـەر هەنگاوەکانی ئامادەی دەکەن، یەکێك لە نایابترین تەسریحەکان بریتییە لە تەسریحەی شێوەی کێك، کە لە دواوەی ســـەر وەك شـــێوەی کێکێکی خڕ دەبێ و جوانییەکی بەرزیشی دەبێ، ئەمەش کاتێك تۆقەیەکی لە قوماشی شێوە خڕ دەخرێتە ناو قژ و دواتریش قژەکە بەسەری دادەدرێتەوە و تۆقەکە ون دەکات، شێوە خڕەکە دەردەکەوێ، بەمەش ســـتایلێکی جوانی تەسریحەی کێکمان بۆ ئامادە دەبێ کە جوانییەکی ناسك و ڕازاوەشی هەیە.




# گۆرەوی دەست ڕەنگینییەکی دیکەی کوردەواری



ئەو کارە دەستیانەی لە داو و بەن دروست دەکرێن هەمەجۆرو هەمەڕەنگن، ئافرەتی کورد لە بواری چنین و دروست کردنی پێداوییستەکانی ئەو سەردەمەدا دەست ڕەنگینیی خۆی سەلماندووەو چەندین کەل و پەل و پێداویستی دروست کردووە بە دەستی خۆی و هەر بە تەنها لە خوری و داو وەك کلێتەو کڵاو و گۆرەوی و لیفکەو تەنانەت هەندێك جل و بەرگیش، ئەو پێداویستیانەی بەکاردێت بۆدروست کردنی کڵاوی خوری یان گۆرەوی بریتییە لە شیشکە و سنارە و ئەو داووبەنەی کە لە خورییەوە دروست دەکرێت پاش ئەوەی لە تەشی دەدرێت شیشکەش لە چڵەدارێکی بەهێز دروست دەکرێن نزیکی ٢٥ سانتیمەترە دەبێت

# مەشکەی کۆن و مۆدێرن

مەشکە ئەو کەرەستە کۆن و کلاسیکەیە، کە خزمەتێکی گەورەی کردووە بە ژیانی کوردەواری، بەتایبەتی لە دروست کردنی دۆی خۆش تیایدا، تەنانەت کەرە و پەنیریشی تێدا دروست کراوە، مەشکەی کۆن لە پێستی گیانداران دروست کراوە، کە پێستی گیانداران دوای ئەوەی بە جوانی پاك دەکرێتەوە و هەڵدەگیرێ و پاشان دەدروێ، بۆ دواتر پێشەوە و دواوەی دەبەسترێتەوە و لەسەر (٣) کوچکەدار دادەنرێ، مەشکەی کۆن بە دەست دەژەنرا و بڕێکی زۆر شیری تێدەکرا، بۆیە بە دوو ئافرەت دەژەنرا، بەهۆی ئەوەی بەهێز بوو یان کەسەکان ماندوو دەبوون لە کاتی هەژاندنەکە، مەشکەی کۆنیش لە کۆندا لەلایەن کەسانی شارەزا دروست دەکرا، بەڵام لە ئێستادا ئەو کەسە کارامانە نەماون یان وازیان لەم کارە هێناوە، بۆیە بەم دواییە مەشکەی مۆدێرن پەیدا بووە، کە لە



پێستی گیانداران نییە و لە ستیل و ئاسن دروست کراوە، وەکو هەمان شێوەی مەشکەی کۆنە، بەڵام لە لوولێکی گەورە دروست کراوە و کونی تێکردنی شیرەکە لە ناوەڕاستی سەرەوەی لوولەکەیە و شوێنی هەڵواسینی بۆ کراوە کە بە گوریس لەسەر دار هەڵدەواسرێ


# سەیرترین یادکردنەوە!


یاد کردنەوەی مردوو وەك لەلای خۆمان باوە، زیاتر لە ڕۆژە ئایینییەکان خەڵك سەردانی گۆڕستانەکان دەکەن بە مەبەستی دوعا و نزا کردن بۆیان، جگە لەوەش وەك وەفادارییەك ئەو لایەنە بەرز دەنرخێنرێ، کەچی لەلای هۆزێك لە گوندی (نیایا)ی وڵاتی ئەندەنووسیا، سەیرترین یادکردنەوەی مردوو دەکرێ، ئەوەی جێگەی سەیرە کە ئەو نەریتە بۆ ساڵانێکی کۆنە ماوەتەوە وەك ئەوەی نەریتێکی کلتووری بێ، دوای هەر (٣) ساڵ جارێك خاوەنی مردوو هەڵدەستن بە گۆڕینی جلی مردووەکەیان و جلێکی تازەی لەبەر دەکەن، ئەمەش بۆ ماوەی (٤٠) ساڵ لە دوای مردنی کەسەکە و هەر (٣) ساڵ جارێك یادێکی جوان و شینی بۆ دەکەنەوە، جگە لە پۆشینی جلێکی جوان و پایەبەرز.



## شێوەی کێکە سەمەرەکان

ئەوانەی لە کاری تازە و جوان برەو بە کارەکانیان دەدەن، هەر یەکە بە پسپۆری لە کارەکەیدا، بەمەش بە ئەنجامێکی گەورە و نازناوێکی تایبەت دەگەن، تەنانەت بە بیرۆکەیەکی سادە دەبن بە خاوەنی نازناو و گرنگی پێدانێکی گەورەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خەڵك، کچە هونەرمەندێکی خەڵکی بەریتانیا بە ناوی (ناتاشا کۆلیز) ە و کاری دروست کردنی کێکە، بە تایبەتی کێك لەسەر چەندین شێوەی سەیر و جوان، ئەمجارەیان جۆرە کێکێکی دروست کردووە کە جێگەی سەرسوڕمانی و گرنگی پێدانە، ئەو کێکانەی دروستی کردووە لەسەر شێوەی جەستەی مرۆڤە، وەك گوێچکە و ئێسقانی سەر !







و هەردوو سەرەکەی تیژ دەکرێت، گۆرەویی دروست کردن یەکێکە لەو بەرهەمانەو بۆ هەردوو وەرزی هاوین و زستان، هەر گۆرەویەك بە نزیکەیی رۆژێکی دەوێت بۆ دروست کردنی بە پێی جۆر و شێوازەکەی لەبەر ئەوەی چەندین شێوەو شێوازی هەیە بەشێوەیەك هەندێك جار زۆر کورت دروست دەکرێت یان ناوەندیەو یان زۆر درێژە،بە تایبەت بۆ وەرزی ساردو سەرما زیاتر گۆرەوییە درێژەیە کە پێویستە و زۆرتر دروست دەکرێت بەرەنگی جیاواز کە رەنگی ئەو داوەیە کە گۆرەوییەکەی لێ دروست دەکرێت، گۆرەوی دروست کردنی زستانی لەگەڵ هاوینی جیاوازە لەوەی گۆرەویی هاوینە ئەو داوەی لێی بە کاردێت باریکتر و تەنکترە و ماوەی نێوان ئەو ریزانەی بە شیشکەو سنارە دەکرێت زۆرترە و هەندێك جار کونی تێدا دەکرێت، ئەوەی زستانەش ئەستوورتر و چڕوپڕترە، ئەوەی شایەنی باسە هەندێك جار بۆ جوانکردنی گوڵینگەی پێوە دەکەن یان دەیکەنە شێوەی قەیتان و دەیبەستنەوە.



و دوای ئەوەی شیرەکە دەخرێتە ناو لوولە ستیلەکەوە، دواتر بە دەست دەهەژێنرێ و پاشانیش بە هەمان ئەو کونە شیرەکە دەهێنرێتە دەرەوە و دواتریش ئامادەکاری بۆ دەکرێ تاوەکو ببێتە دۆ یان کەرە و بەرهەمی دیکەی کوردەواری.



# جلی منداڵان لە پەلکە شووتی

بەهۆی ئەوەی کەش و هەوا ناجێگیرە لە گشت جیهان، تەنانەت لە هەندێك وڵاتان پێچەوانە بۆتەوە، بۆ نموونە لە وڵاتی چین بۆ چەند ساڵێك وشکە ساڵی بوو، کەچی ئەو زستانەی رۆیشتوو لافاو و زریان بوو، کەچی هەمان شێوە لەم هاوینەدا گەرمایەکی بەهێز رووی لەو وڵاتە کردووە، بەپێی ئاژانسی رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، کە باسی لەم لایەنە کردووە لە وڵاتی چین جلوبەرگ لە پەلکی شووتی دروست دەکەن، ئەمەش بۆ دوو جۆرە مەبەست، یەکێکیان بەهۆی گەرمای هاوینەیە، دووەمیشیان بۆ دروست کردنی جلێکی سەیر و جوانە لە پەلکی شووتی.

# مریام فارس شێت بووە!


هونەرمەند و کەسایەتییە ناودارەکان لە چالاکی و کارەکانیان گرنگی بە چەندین لایەن دەدەن، کەچی لە هەندێك حاڵەتدا دەبن بە جێگەی سەرنجڕاکێشان، ئەمەش رەنگە بۆ مەبەستی تایبەت بێ، یان کارێکی وا بکەن کە بابەتەکەیان گرنگ بێ و ببێتە قسە و باسی خەڵك، یەکێك لەوانە کچە هونەرمەندی لوبنانی (مریام فارس)ە، بەم دواییە لە چەندین کاری سەیر و سەمەرە دەردەکەوێ، تەنانەت خەڵك بە جۆرێك باسی دەکەن کە شێت بووبێ، لە یەکێك لە کارە سەیرەکانی ئەو خانمە هونەرمەندە وێنەیەکی سەیرە، کە بە کڵاوێك و چاوێکی پێچراو وێنەی گرتووە و بڵاویشی کردۆتەوە.



# گاڵتەی ئۆباما و کچانی باسکە!



باراك ئۆباما، بە سەرۆکێکی سادە و ساکار ناسراوە، تەنانەت وەك خەڵکێکی ئاسایی لە رۆژانی پشوودا، لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا دەردەکەوێ، ئەمەش بەپێی شێوازی سیاسیەتی ئەمەریکا وایە، کە سەرۆکەکەی بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی کەم لەسەر حوکم دەمێنێ، بۆیە پێویستی بە پاڵپشتی و تێکەڵ بوونە لەگەڵ خەڵك، لەم وێنەیەدا لەگەڵ کۆمەڵە کچێکی یاریزانانی باسکەی وڵاتەکەی وێنەی گرتووە، لە رۆژی ئاهەنگێڕانیان بەبۆنەی بردنەوەی نازناوی جیهانی لە یاریی باسکەدا، ئەوەی جێگەی سەیرە کچەکان دەستیان لە پشتەوەی سەری ئۆباما داناوە وەك ئەوەی گاڵتەی پێبکەن و دوای ئەوەی وێنەی گیراوە و بڵاویش کراوەتەوە، کەچی سەرۆك توڕە نەبووە و ئەو جۆرە رەفتارەی کچەکانی بەلایەوە ئاسایی بووە.



# شێوەی ڕووخساری مرۆڤ دەگۆڕێ!

شێوەی مرۆڤ لە گۆڕانکاریدایە و تەنانەت بەر لە ١٠٠ ساڵێك شێوەی ڕووخساری مرۆڤ بەم جۆرەی ئێستا نەبووە، وەك زمان وایە، هەر زمانێك دوای تێپەڕبوونی ٢٥٠ ســاڵ، بە تەواوی دەگۆڕێ و دیالێکتێکی دیکەی دەبێ، یەکێك لە پێشبینییە خوازراوەکان لەلایەن زانایاندا دەرکەوتووە، کە شــێوی ڕووخســاری مرۆڤ بە تایبەت گەنجەکان گۆڕانکارییەکی تەواوی بەســەردا دێ، زیاتریش لە باریکیی ڕووخسار بەرەو پان بوون دەچێ، هەروەها چاوەکانیش گەورە دەبن، ئەمەش لە دوای ٥٠ ساڵی دیکە ئەو جۆرە ڕووخسارە دەردەکەوێ، هۆکارەکەش بۆ گۆڕینی کەش و هەوای جیهان دەگەڕێننەوە.

## زاخــاوی مێشک



* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کارێز) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کاتێك ئاو دەکوڵێ چی لەسەر بەرز دەبێتەوە)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی نێر)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (خەم بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤)کۆ بکەیتەوە بە مانای (سەری تیر چی پێدەڵێن)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئاگاداری خۆت بە، ئەمڕۆ تووڕەو توند دەردەکەویت و هەڵچوون بەسەرتدا زاڵ دەبێت و ڕازی نابیت گۆڕانکاری لەهەڵوێستە هەڵەکانت بکەیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بیرکردنەوەت فراونتر دەبێت و ڕەنگە چارەسەرییەکی گونجاو بۆکیشەکەت بدۆزیتەوە، گەشتێکی بەسوود ئەنجام دەدەیت، دەستکەوتی ماددیت لەجاران زیاتر دەبێت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

پاش بەسەربردنی بارودۆخێکی ناهەموارو نالەبار ئەمڕۆ بارودۆخ باشتر دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەبواری سۆزدارییەوە دڵخۆش دەبیت.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕەنگە بیر لەسەردانکردنی چەند کەسێکی نەخۆش یان زیندانی یان بێچارەو تەنیا بکەیتەوە بۆ دڵدانەوەیان و هاوکاریکردنیان.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

فشارو گوشارەکان لەسەرت ماون، بۆیە پێویستە هێمنی و ئارامیی خۆت لەدەست نەدەیت و واقعیانە لەگەڵ دەوروبەرت هەڵسوکەوت بکەیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەست بەناڕەحەتی و دڵەڕاوکێ دەکەیت، ئەمڕۆش زیاتر چاودێریی کاروبارەکانت بکە، چونکە هێشتا بارودۆخ ئاسایی نەبۆتەوە.

## وتەی ناوداران



- **فروغی فەرۆخزاد، دەڵێ:** من غەریبم بە بەختەوەری، من بەم نائومێدییەی خۆم موعتادم!

## وتــە

**- جوانترین شت لە مرۆڤدا ئەوەیە کە لە ڕووکاریدا پێدەکەنێت لە کاتێکدا لە ناخیدا خەفەتێکی هەیە، بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەشی دڵتەنگ نەبێت.**

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | ■ | | | | |
| ٣ | | ■ | | ■ | | | | | ■ | | | |
| ٤ | | ■ | | | | | ■ | | | | ■ | |
| ٥ | | | | | ■ | ■ | | | | ■ | | |
| ٦ | | | | ■ | | | | | | | | |
| ٧ | | | ■ | | | | | ■ | | | | ■ |
| ٨ | | | | | | ■ | | | | | | |
| ٩ | | | ■ | | | | ■ | | ■ | | ■ | |
| ١٠ | | | ■ | | | | | | ■ | | | |
| ١١ | | | ■ | | | ■ | | | ■ | | | |
| ١٢ | | | | | ■ | | | | | | | |

ئا: فەرهاد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:


١-سەرکردەیەکی کورد قەڵای شێروانەی دروست کرد.
٢-یەکەم حکومەتی کوردی (پ)-زام.
٣-پایتەختی وڵاتێکی ئەمریکیە(پ)-کام (ت).
٤-بیمە(ت)-بەرزوبەڕێز(پ)
٥-سنوور(ت)-سێ پیتی مۆدە-وەکو یەك.
٦-جۆرە ئۆتۆمبێلێکە(پ)-بازاڕێکی هاوچەرخی هەولێرە(پ).
٧-(ران)ناوقەد براو(پ)-شارێکی ڕۆژهەڵاتە-سێ پیتی نەوا.
٨-پاشماوەی مردوو- بەعەرەب کردن(پ).
٩-خێرا(پ)-جۆرە تامێکە.
١٠-بێ دەنگ-وەرزشی سوك(پ)-سێ پیتی ریوی.
١١-نیوەی ڕەوت-وەکو یەك —وەکو یەك-میوەیەکە(پ).
١٢-شاعیرێکی کورد بوو(پ)-نەخۆشییەکە خوێن کەم دەکات.

## ستوونی:

١-شاعیرێکی کورد بوو.
٢-دوو پیت لە سەیر-خانمێکی کورد بوو(پ).
٣-سیستەمێکی حوکمڕانییە(پ).
٤-نیوەی حازم-سەگ(پ)-شاعیرێکی کوردستانی باکوورە.
٥-یاریەکی وەرزشیە(پ)-وڵاتێکی ئەوروپیە.
٦-ناوێکی کوڕانەیە-بزر-(تاج)ناوقەد بڕاو.
٧-سێر(ت)چیایەکە نزیك دەربەندیخان(پ)- پیتێکی E(پ).
٨-پایتەختی تۆگۆ-رووەکێکی خۆرسکە(پ).
٩-لۆ(پ)-شارۆچکەیەکی کوردستانە.
١٠-مارکەیەکی جیهانییە(پ)-نازناوی مەولەوی شاعیر.
١١-یەك(ت)-بێشکە-وەکویەك.
١٢-دۆزەرەوەی پەنسلین(پ)-دولبەرەکەی شێخی سەنعان.

## وێنە و بیر کردنەوە

- لەم وێنەیەدا (٣) چوارگۆشە هەیە، ئەگەر بە جوانی سەیری چوارگۆشەکان بکەیت، وادەزانی هێڵەکانی چوارگۆشەکە وەکو یەك نین، بەڵام ئەگەر ئاڕاستەوخۆ سەیر بکەیت بۆت دەردەکەوێ کە (٣) چوارگۆشەی هاوشێوە و یەکسانن.






■ جارێکیان ئافرەتێك زۆر حەزی بە خواردنی گیایی و سەوزە دەکرد، رۆژێك تۆڵەکە بوو، رۆژێك کەنگر بوو، رۆژێك کاردی بوو، بۆ ماوەی هەفتەیەك زیاتر هەموو رۆژ ئەو جۆرە خواردنانەی ئامادە دەکرد، رۆژێکیان پیاوەکەی هاتەوە و بینیی هەمان خواردنی رۆژەکانی دیکەیان هەیە، بە ئافرەتەکەی گوت : خۆت ماندوو مەکە لە بەیانییەوە دەچمە ناو ئەو دەشتە شتێك هەر دەبێ بیخۆم!

■ جارێکیان پیاوێك کوڕەکەی ناردە وڵاتی بەریتانیا بۆ ئەوەی فێری زمانی ئینگلیزی بێت، دوای ئەوەی کوڕەکەی نارد و ساڵێکی پێچوو، کوڕەکەی هەر هەواڵی نەبوو، پیاوەکەش دڵی واباشە سەردانێکی بکەم، دەچێتە ئەوێ و لە ئینگلیزێك دەپرسێ کە ماڵی کوڕەکەی لە کوێیە بە ئینگلیزی، ئینگلیزەکەش بە کوردی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ ئەو کۆڵانە دووەم خانوو ماڵی کوڕەکەتە، پیاوەکەش لە خۆیەوە گوتی لە جیاتی کوڕەکەم فێرە ئینگلیزی بێت ئینگلیزەکانیشی فێرە کوردی کردووە !

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ئارامی و هێمنی خۆت بەدەست دەهێنیتەوەو ئارەزووی شوێنی هێمن و دڵگیر دەکەیت، لەم ساتەدا زۆر لەبیری دۆستەکەتدا دەبیت و ئارەزووی دیداری دەکەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئەمڕۆ پێویستە لەمافەکانت بپێچیتەوە فەرامۆشیان نەکەیت، چونکە کەسانێك بەدوای ئەوەوەن مافەکانت زەوت بکەن و پێ بگەیەنن.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢




چوست و چالاکی و گەشبینیت پێوە دیارە، لەوانەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندیی بکەیت و زیاتر دڵخۆش بیت و گوێ بیستی هەواڵی خۆش دەبیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



لەم ماوەیەدا گوشارەکان لەسەرت کەم دەبنەوە، یاخود چارەسەری گرفتێك دەکەیت، لەبواری دڵدارییەوە بەکاتێکی هەستیارو ناسکدا تێپەڕدەبیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



ئەمڕۆ ئارام بەو هیچ بابەت و مەسەلەیەکی هەستیار لەگەڵ دۆستەکەت مەورووژێنە، ڕەنگە دەست بەچەند چالاکییەکی نوێ بکەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئەمڕۆ زۆر وریای خۆتبەو تێکەڵ بەکێشەی کەسانی دەوروبەرت مەبە، ئەگەر هەر گرفتێکیشت هاتە سەر ڕێ ئەوا بەهێمنی و زانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکە.